# جینۆسایدیش بەدەردی ڕیفراندۆم مەبەن

**قادر نادر**

دەبوایە ئێمەی کورد دەیان ساڵ لەمەوبەر لەدەرگای ناوەندە سیاسی وراگەیاندنە جیهانیەکانیمان بدایە ، کەڕوبەڕوی سیاسەتی جینۆساید بۆینەتەوە ، بەڵام بۆ ئەم مەسەلانەی کە پێداویستیەکی مێژویی نیشتمانیە ، بەقودرەتی قادر دەسەڵاتی کوردی ، کیسەڵانی هەنگاو دەنێت ، وەلێ بۆ برایەتی کورد و عەرەب کەلای بەرپرسانی کورد راستگۆیانەیە و لای عەرەب فێڵێکی سیاسیە ، یەکپارچەیی عێراق ، نەرمی نواندن لەگەل دوژمنناندا ، دەڵێ ی کارمامزی چیای قەرەچوخن.

کوردستانی باشور ، لە 16 ساڵی رابردودا نیشتمانی کۆنگرەو کۆنفرانس بووە ، کە زۆر جار بیرکردنەوەم بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات تۆ بڵێیت ئەمەش جۆرێک نەبێت لەبازرگانی کردنی هەندێ بەرپرس ، تا بەم مەسەلانەوە هوتێلەکانیان بجوڵێنن و بەشێکی تر لەداهاتی ئەم میللەتە بشارنەوە و بیخەنە ناو ژمارە ی بانقە نهێنیەکانیانەوە . بەنمونە هەرلەم تەمەنەی دەسەڵاتی کوردیدا ، زۆر کۆنگرە و کۆنفرانسی هەمەڕەنگ ، لەسەر مافی ژنان ئەنجام درا ، کەچی ڕەشەکوژی ژنان وەک پلەی گەرمای تەموز هەر لە هەڵکشاندایە .

تەنیا لە 7 سالی رابڕدودا ، پارتی 2 جار لای خۆیەوە کۆنگرەی بۆ دۆزی ئەنفال ساز کرد ،کە جاری یەکەم لە 4/14/ 2002 بوو ، کە بریارەکان وەک دەیان کۆنگرەو کۆنفرانسی تر تەنیا لە بواری وشەڕیز کردن زیاتر تێ نەپەڕی و نەچووە بواری مەیدانیەوە ، جاری دوەمیش سالی 2004 بوو کەوەک هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی پارتایەتی ، بۆ ڕاکێشانی کوردە فە یلیەکان ئەنجامیدا.

ماوەیەکە دەسەڵاتی سیاسی کوردی لەهەوڵی ئەوەدایە لەکوردستان ، کۆنفرانس یان کۆنگرەیەک بۆ ناساندنی تاوان ئەنفال بەجینۆسایدا ساز بکات ، هەر لەمبارەوە کۆمەڵێک لەو کادیرانەی کەلەچواردەوری خۆیان دەخولێنەوە ، یان ئەوەتا کە بۆ ڕوکەش جار جار ختوکەیەک لە دەسەڵات دەگرن ،بانگەشەی سازدانی ئەم کۆنگرەیە دەکەن.

لەکاتێکدا دەسەلاتی کوردی دەیەوێت ئەم کارە ئەنجام بدات ، لەناو دام ودەزگا سیاسیەکانی خۆی بەدەیان تاوانباری کارەساتی ئەنفال ، ژیانێکی بەهەشت ئاسای بۆ دابین کردون؟؟ لەبەرامبەریشدا بۆ بنەماڵەی قوربانیانی ئەنفال ،کیمیاباران... 16 ساڵە چرکەو ساتەکانی ژیانیان دۆزەخ ئاسا دەگوزەرێنن ؟؟؟.

ئاخر لە م تەمەنە سیاسیەدا ، کە لەوڵاتانی دیموکراسیدا دەکاتە 4 خولی جلّەو گرتنی دەسەڵاتدا، کە چی ئەم دەسەڵاتە کوردیە ، ویژدانی بۆ مناڵێکی باوک ئەنفالکراو نەجولا ، کە چیتر لەسەر شەقامەکان کار نەکات؟؟؟ یان بۆ ڕزگار بونی 67 بریندارى کیمیایی هەڵەبجە ، کە لە بەردەم هەڕەشە ولێواری مەرگدان ، بەئاستی یەک ئاهەنگی لەیلا فەریقی ، پارەی دزراوی ئەم گەلەیان لێ خەرج بکات؟؟ . وە لەبونی سەدان بەرپرسی سەرزل ، مام ناوەنجی ، بچوک ، کە چی بۆ ساتێکیش ئەم بەرپرسە قسە زل و بریقەدارانە ، لە 16 ساڵی رابردودا لەئەهرامە کانیان نەهاتنە خوارەوەو بچن سەر لە دایکێکی 8 منداڵ ئەنفالکراو ی شۆڕش یان بنەسڵاوە بدەن و بزانن قوربانیانی بەردەدستی شۆڤینیترین دەسەڵاتی داگیرکەری عیراقی لەژێر سایەی حوکمیاندا ، چۆن ژیانێکی ئەنفال ئاسا دەگوزەرێنێت ؟؟؟ کەچی ئەم دەسەڵاتە بە خۆی و چەند نوسەرێک کە بەشێکیان ئەوەندە ئارەزوو ئامانجەکانیان، بەدیار کەوتن لەمیدیاو و چەند وەرەقەیەک دۆلارە، نەوەک داداگایی کردنی ئەو سەرۆک جاشانەیە کە کوڕی ناز هەڵگرتوی دەسەلات و پارتی سەوزو زەردن ، کۆنگرەیەک بۆ ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید ساز دەکەن !!!؟؟؟ . ئاخر من دڵنیام ئێوە ، وەک ئەو مریشکە کوردیانەن ، کە زۆر دوقە دوق دەکەن ، وەلێ ناتوانن هێلکەیەک بکەن .

هەمان دەسەلات وعەقلی سیاسیە ، کەلە کاتێکدا ڕەوەندی کورد بەپاڵپشتی کۆمەلێک لەکەسایەتی و ڕۆژنامەی ناو نیشتمانەوە ، لەهەوڵی دادگایی کردنی خەزرەجی بوو ، ئەوان لەبڕی دەسەڵاتی بەعس مەدالیای بێتاوانی و فریشتەبونیان لەنێو دادگای دانیمارکدا لەیەخەی دەدا ، بەڵێ هەر ئەو بەرپرسانەن کە بەرپرسی پلە یەکی کوردن ، وەلێ گەورەترین راوێژکاریان دارێژەری بیری ئەنفالە ؟؟؟؟. هەمان جۆت پارتن ، لەکاتێکدا ، 4 پارت و 41 ئەندام

پەرلەمانی سویدی دانیان بەتاوانی ئەنفال بەجینۆساید ناوە ، وە لە نێو پەرلەمانی سویدا ، کۆنگرەیەک ساز کرا بۆ هەمان مەبەست ، کە چی نوێنەرانی پارتی و یەکێتی بایکۆتی ئەم کۆنگرە مێژویەیان کرد ؟؟؟؟ تۆبڵێیت ئەم گۆرانە چی بێت وا لە سەرۆکایەتی هەرێم بکات ، بێت دوای 16 سال لە کارنەکردن بۆ ئەم مەسەلە گرنگەدا ، دێت کۆنگرەیەک بۆ هەمان مەبەست ئەنجام بدات؟؟؟ . ئاخر کەس لاری لەوەنیە کەئەم کارە خراپە ، وەلێ هیوادارم ، بەدەردی ریفراندۆمی نەبەن ؟؟

بەندە ماوەیەکە گەیشتومەتە ئەو باوەرەی کە مرۆڤ ئەگەر تەنگاویش بوو ، بەخۆی دابکات ، باشترە لەوەی بچێتە ئاودەستی پارتی و یەکێتی ، چونکە هەموو جوانیەکان ناشیرین دەکەن ، پیرۆزیەکان سوک دەکەن، گەشاوەکان سیس دەکەن ..... باشترین نمونەش ئەو ڕیفراندۆمە بوو کە خەڵک بە چ بەرنامەو ئامانجێکەوە لەژێر سەرماو سۆڵەی شەقامەکانی هەندەراندا، هاتە سەر شەقام ، کە چی ئیمڕۆ وەک کارتی جۆکەری لێ هاتووە ، بۆ هەرکێشەیەک کە لەگەل دەسەلاتی بەغدا نەگەنە ئەنجام ، بەکاری دەهێنن ، ئیتر داواکردنی پلەی سەرۆکایەتی یان مادەی 140 بێت ، ئاخر ریفراندۆم یەک واتای هەیە بۆ کردوتانە تەیرە مەعقولەکەی مەلای مەشهور.

یەکێک لە ئەندامانی دەستەی باڵای ئەم کۆنگرەیە کە کۆنە قەڵەم جاشێکی بەعسە ، ڕاستی وتبوو ، ئێمە ناوەندی چاک چۆن داوەت دەکەین ، کە بێت لەم کۆنگرەیەدا ، داوای دادگایی جاشەکان بکات !!!؟؟ . کەئەمەش شانازیەکی گەورەیە بۆ چاک ، وە زۆر راستیشی بۆ چووە، چاک گەورەترین هەڵە دەکات ، بەشدار بێت لە کۆنگرەیەک کە دروشمی سەرەکی دادگایی تاوانباران نەبێت . ناهەقت ناگرم پێنووس بەدەستی کۆنی بەعس و جاش قەڵەمی نوێ ی مۆدێرنی دەسەڵاتی کوردی ، ئێوە شەرم ناتان گرێت ، کەدادگای وڵاتی ئەنجامدەری ئەنفال بە جینۆساید دەناسێنی ، کە چی ئێوە لەدام و دەزگا سیاسیەکانەوە نەتان ناساندووە ؟؟ لەکاتێکدا لەهەمان دادگاوە داوای دادگایی 433 تاوانباری جاش کورد دەکرێت ، وەلێ ئێوە وەک پیشەی بەردەوامتان ، داڵدەیان دەدەن ، پلەی سیاسیان بەرز دەکەنەوە ، دیوەخانانەیان بۆ دەبڕنەوە ، بەهانەی سیاسیان بۆ دەبینەوە ....

لەچەند ساڵی ڕابردودا پۆلێک لە ئەندامانی چاک ، بۆ یەکەم جار توانیان لەبواری مەیدانی هەنگاوی سەرکەووتوانە بهاوێژن و ووشەی جینۆسایدیش بکەنە پێداویستیەکی کارکردنی مێژوویی ناو هزری تاکی کوردەوە ، تکایە ئەم وشەیە ناشیرین مەکەن ، ئەگەر نەتان توانی ئەم کۆنفرانسە لە ئازاری دایکێک یان منالێکی باوک ئەنفالکراو کەم بکاتەوە ؟؟ کەڕامەتی نەتەوەیەک بگێرتەوە کە ئێستا وێلە لەبەردەم تەڕاتێنی ئەنفالچیەکاندا ؟؟؟ قفڵی دەرگای دادگاکانی کوردستانتان پێ نەشکا ، لەبەردەم تاوانباراندا ....... ئەگەر نا لەیادتان نەچێت بە قوربانیان و ئێسک و پروسکی ئەنفالکراوەکانمان ڕۆلی بازرگانێکی چاوچنۆک دەبینن.

2007/08/10